

دیسانەوە ڤێلیا لێی پرسین: ئەی بۆ لە حەوشەکەی ئێمەدا هیچ بەیانییەك گوێم لە دەنگی وا خۆش نابێت؟! کەنارییەکان وتیان: ئاخر حەوشەکەی ئێوە دارودرەختی تێدا نییە. ئێمەش هەر شوێنێك دارودرەخت و سەوزایی تێدا نەبێت رووی تێناکەین. ڤێلیا پرسی: ئەی چی بکەم باشە؟ کەنارییەکان وتیان: پێویستە نەمام بەریتەوەو لە حەوشەو لەبەردەم ماڵەکەتاندا بیانێژیت.



کاتێك ڤێلیا لە ماڵی پوری گەڕایەوە، لە تومبێلەکەدا ئەم نەمامانەی دادەگرت ( نەمامی دارگوێز، نەمامی دارتوو، نەمامی سنەوبەرو نەمامی چنار. نەمامێکی تریشی پێ بوو، ) بەس من نازانم ناوی چییە.



با بەیەکەوە لێی بپرسین: ڤێلیا، ئەو نەمامەیان ناوی چییە کە دواهەمین دانەیان بوو لە تومبێلەکە داتگرت؟
ڤێلیا: پورە گوڵچینم وتی ئەوەیان نەمامی دارسێوە.

ناکۆ محەممەد سابیر / سوید